# عێراق و مۆبایل

هەژار خۆشناو – ڕۆما/ ئیتالیا
hajarkhoshnaw@hotmail.com

موزایەدە کردنی مۆڵەتی کارکردنی پەیوەندی مۆبایل لە عیراق گەیشتە نرخی خۆی، هەروەک هەر موزایەدەکردنێکی تری وڵاتێکی دیموکراس و بازارێکی ئازاد.
ئەوانەی دەرچوون هەریەک لە ئاسیا و کۆڕەک و ئەسیر، ئەوانەشی کشانەوە تورکتێل و عیراقنا بوون. ئەوەی بووە جێگای سەرنجی خەڵک و ماسمیدیا پاشەکشەی عیرقنا بوو، چونکە هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە یەکێک بووە لەوانەی کە لە عێراق کاری دەکرد. هۆکەشیان گەڕاندەوە بۆ نائارامی و نەبوونی کۆنترۆڵی تەواو لە عێراق و بەرزی نرخەکەی بە بەراورد لەگەڵ مسر.
بەڵام دەتوانین لێردا ئەو پێشبینیە بە هێزتر بکەین کەوا کشانەوەی عیراقنا پەیوەستە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی سەربازی ئەمەریکا یا گۆڕانێکی گەورە و ستراتیژی ئەمەریکا لە عێراق.
نجیب ساویرس مانەجەرێکی زیرەکی مسری و خاوەنی کۆمپانیای ئۆراسکۆم–ە بۆ ئاوەدان کردنەوە و گەشتوگوزار لە مسر، وە کۆنترۆڵی مۆبیلنیل دەکات و ئۆراسکۆم تێلێکۆم گەورەترین کۆمپانیای تەلەفۆنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
بەرنامەی "ڕێپۆتێەری ڕای تریَ"ی ئیتالی باس لە دەوڵەمەند بوونی نجیب ساویرس دەکات و دەڵێ ڕاستە کەسێکی زیرەک و لێهاتووە بەڵام وەک کارتۆنێکە و بۆ پنتاگۆن کاردەکات. ئەو کاتەی بێرلوسکۆنی سەرۆک حکومەت بووە و دۆستێکی زۆر نزیکی بوش بووە، لە ساڵی 2005 نجیب ساویرس توانی کۆمپانیای مۆبایلی ویندی ئیتالی بکڕێتەوە.
ناوبراو خاوەنی زیاتر لە هەشت کۆمپانیای مۆبایلە لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا، لە وڵاتانی مسر و ئیتالیا و پاکستان و هتد، وە عیراقنا لە عێراق.
ئەوەی جێگای تێبینی و پرسیاری ئێمەیە ئایا ئێوە لە دوای 2003 کاتێ کەس بڕوای بە عێراق نەبوو کە داهاتووی چی دەبێ و جگە لە بەشێکی بەغدا نەبێ هیچ جێگایەک کۆنترۆڵ نەکرابوو، سەردەمی سەر بڕینەکانی زەرقاوی ئێوە ئامرازی گرانبەها و خۆتان لە عێراق دا دەکوتا وەک ئەوەی بۆ هەزار ساڵ بێ، بەو هەموو دەوڵەمەندیە و مۆنۆپۆلی خۆتان، پێمان ناڵێن هۆکەی نائارامیە یاخود بەرنامەیەکی نوێی پنتاگۆنە عێراق جێدێڵن؟
دوو سەدە و دوو هەزارەی جیاوازمان بینی کەچی مسر هەر ئەم سەرۆکەی ئێستای هەبوو، کە گەلەکەی بەدەستیەوە دەناڵێنێ و خاوەنی دەسەڵات و خزمی کەپیتالیزمە، کەچی دەیانەوێ موزایەدەکەی مۆبایلی عێراقێکی دیموکرات و ئازاد بەوەی مسر بەراورد بکەن و بێن ڕێژە و ژمارەکان بکەنە هەنجەت.
ئەوەی ماوە چاوەڕوانی ئەم گۆڕانە گەورەی ئەمەریکا بکەین و بە عێراقیەکان و دراوسێکانی و جیهان بڵێین ئێمەی کورد بڕیارمان داوە لە نێو عێراقێکی یەکگرتوو دا بمێنینەوە، بە دڵنیاییەوە بۆ 15 ساڵی تر.